www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:06 29-12-2006

# هونەرمەند تارا رەسوڵ: من بەبی عەشق شووم کرد هیچ پەیوەندی و خۆشەویستیەک نەبوو لەنێوانی من و هاوسەرەکەمدا؟ ... دیداری /مەحەمەد سیاسی ئەشکەنەیی

چەند ناخۆشە کە گوڵێك لە دڵێك زیز ئەبی و ئەرەنجی، زیزبوون خەمە ئازارە، ژانە، بەڵام تارا رەسوڵی هونەرمەند گەرچی بە خەم ئەژی، بەڵام دڵخۆش و بە پێکەنین، لەسەردانێکی تارا خانی هونەرمەند بۆ دەڤەری رانیە بەپێویستمان زانی بیدوێنین بەدوو پرسیار:



پ 1/ لەگۆرانیەکانتدا خەمۆکیەك بەگۆرانیەکانتەوە ئەبینرێت تا چەند لەناو ئەم خەمەدا دەژیت؟

تارا/ بێگومان ئەو گۆرانیانەی کەمن دەیڵێم ئەگەر زۆر پەیوەندی بە ژیانی رۆژانەی خۆمەوە نەبی ناتوانم بیانڵێم، زۆربەی زۆری ئەو تێکستانەی کەمن بەکاریان دێنم زیاتر ژیانی خۆمە، بەڵام ئەوە ئەوەش ناگەیەنی کەمن ژیانم هەمووی خەم بی، بەپێچەوانەوە من خۆشحاڵیەکی زۆرو خۆشبەختیەکی زۆر لە ژیانمدا هەیە، رەنگە پێشووتر وابووبی بەڵام ئێستا ژیانی من لە گۆراندایەو لەگۆرانیشدا بووە، زۆریش هاتۆتە گۆران ژیانی من و کارە هونەریەکانی من، رەنگە لەمەودوا هەر گۆرانی عاشقانەبی، بەڵام بەشێوەیەکی جیاوازتر، وەك ووتم ئەو گۆرانیانەی کەمن ئەیڵێم کەپەیوەندیان بە ژیانی خۆمەوە ناتوانم بیانڵێم.

پ 2/ هۆی چیبوو سەردانی هەندەرانت کردو شووت کردوو لە دورە وڵاتیش جیابوویتەوە؟

تارا/ من سەردانی هەندەرانم زیاتر بۆ چارەسەرکردن بوو، بەڵام لەراستیدا کە گەیشتمە وڵاتی سوید زۆر گوێم بەچارەسەر نەدا، کە لەوڵاتی سوید چارەسەرم نەکرا، ئیتر بۆ هیچ وڵاتێکی تریش نەرۆیشتم تاکو چاوم چارەسەر بکەم، بۆیە ئێستا لای من ئەوە نەبوەتە کێشەیەك بەراستی، پاشان لەپێکهێنانی هاوسەرێتی من وەك هەر کەسێکی تر لەگەڵ کەسێکدا بەڵام من بەبی عەشق شووم کرد هیچ پەیوەندی و خۆشەویستیەك نەبوو لەنێوانی من و هاوسەرەکەمدا، بەڵام من یاخود ئەوکە یەکتریمان هەڵبژارد دیاربوو وامان هەست دەکرد کە زۆر لەیەکەوە نزیکین، ئەو کەسێکی کەمانژەن بوو، منیش گۆرانیبێژ بووم، بەڵام بەداخەوە ژیانی ژن و مێردایەتی زۆر جیاوازترە لەوە، بەڵام کەئێستا جیابووینەتەوە چونکە ژیانی ژن و مێردایەتیمان نەگونجا بۆیە جیابوونەوەمان دروست بوو، بەڵام ئێستا هەر کارێکی هونەری هەبی بێگومان کار بەیەکەوە دەکەین.